یاسای "لێبوردنی گشتی" چۆن بەسەر ئالوودبووان و بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان لە عێراق جێبەجێ دەکرێت؟



یاسای "لێبوردنی گشتی" چۆن بەسەر ئالوودبووان و بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکان لە عێراق جێبەجێ دەکرێت؟ ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق وەڵام دەداتەوە.

محەمەد عەنوز، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق ڕۆژی دووشەممە دووپاتی کردەوە کە یاسای لێبوردنی گشتی ئالوودبووانی ماددە هۆشبەرەکان و قاچاخچیەکان دەگرێتەوە کە تاوانی قاچاخیەکەیان لە 50 گرام زیاتر نەبێت.

محەمەد عەنوز لە لێدوانێکی تایبەت بە ئاژانسی "ئەلموتەبع"، ئەمڕۆ دووشەممە ڕایگەیاندووە، "یاسای لێبوردنی گشتی ئەو کەسانەی بە تەمەتی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان زیندانی کراون دەگرێتەوە بەو مەرجەی کە تەمەتی بازرگانیان لە پێنجا گرام زیاتر نەبێت".

ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق گوتیشی: ئازادکردنی ئەو ئالوودبووانەی کە لە زیندانەکانی عێراقدا زیندانی کراون دەرفەتیان بە دەستخستنەوە بە وەرگرتنی چارەسەر و کەمکردنی مەترسیەکانی ماددە هۆشبەرەکان.

زانیاری زیاتر...

ڕۆژی 21ـی کانوونی دووەمی 2024، دەنگدان لەسەر سێ یاسا لە پەرلەمانی عێراق درا، هەمواری یاسای باری کەسێتی کە دەنگی زۆرینەی لەسەر درا و یاساکە هەموارکرا، ئەو یاسایەی کە پەرلەمانتار و لایەنە شیعەکان داوایان کردبوو کە ڕەگەز بە مارکردنی کچی تەمەن 9 ساڵان دەدات و یاسای ساڵی تەمەنی هاوسەرگیری کچ لە 18 ساڵیەوە بووە 9 ساڵان، ئەمەش دوای هەموارکردنی.

پێڕیاسای دووەم کە دەنگی لەسەر درا، گۆڕانەوەی مافی خانوو و زەوی ماف زەوتکراوکانی پارێزگای کەرکووک، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس ئەم موڵکانە لە خاوەنە ڕەسەنکانیان وەرگیرابوو، ئەم پرۆژە یاسایەی کە فراکسیۆنە کوردیەکان لە پەرلەمانی عێراق داوایان کردبوو.

پێڕیاسای سێیەم، دەنگدان لەسەر یاسای لەبوردەیی گشتی کە لایەنە سوننیەکان داوای جێبەجێکردنیان دەکرد، بەمبەستی لەبوردەیی گشتی بە زیندانیانی عێراق، ئەو یاسایەی کە مشتومڕی جیاوازی لەکۆتاوە و زۆرێک لە چالاکوان و گرووپ و لایەنەکان بە (گۆڕانەوەی تیرۆر) ناویان بردووە.